مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٩

# المشهد اللغوي في القطاع السياحي في إقليم كردستان: مشاريع الاستثمار المرخَّصة (2007–2026)

م.م.جيهان يوسف أحمد
قسم اللغة الكوردية، كلية التربية، جامعة صلاح الدين-أربيل، إقليم كوردستان، العراق.
jihan.y.ahmed@su.edu.krd
م.م.گەزنگ عبدالقادر عبدالله
قسم اللغة الكوردية، كلية التربية، جامعة صلاح الدين-أربيل، إقليم كوردستان، العراق
gezeng.abdulla@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: المشهد اللغوي، السياسة اللغوية، قانون اللغات الرسمية، العولمة، القطاع السياحي.

**كيفية اقتباس البحث**

أحمد , جيهان يوسف , گەزنگ عبدالقادر عبدالله, المشهد اللغوي في القطاع السياحي في إقليم كردستان: مشاريع الاستثمار المرخَّصة (٢٠٠٧–٢٠٢٦),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، أيلول ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٩ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** **مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed** **مفهرسة في**
**IASJ**

# Linguistic Landscape in the Tourism Sector of the Kurdistan Region: Licensed Investment Projects (2007–2026)

**Jihan Yousif Ahmed**
**Kurdish Department, college of education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.**
**jihan.y.ahmed@su.edu.krd**

**Gezeng Abdulqadir Abdullah**
**Kurdish Department, college of education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.**
**gezeng.abdulla@su.edu.krd**

**Keywords** : Linguistic Landscape, Language Policy, Official Languages Law, Globalization, Tourism Sector.

**How To Cite This Article**
Ahmed , Jihan Yousif , Gezeng Abdulqadir Abdullah ,Linguistic Landscape in the Tourism Sector of the Kurdistan Region: Licensed Investment Projects (2007–2026) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, September 2026,Volume:16,Issue 9.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
This study presents a linguistic and legal analysis of the names of 248 tourism projects in the Kurdistan Region officially licensed by the Board of Investment between 2007 and 2026. The primary objective is to identify trends in language shift, evaluate the implementation level of the Official Languages Law in the Region (No. 6 of 2014), and explore the impacts of globalization and commercialization on the overall Linguistic Landscape.

To achieve these aims, a descriptive-analytical and diachronic statistical approach was employed, categorizing the data into three distinct historical periods: (2007–2012), (2013–2018), and (2019–2026).
The findings reveal that the absolute dominance of the Kurdish language declined from 52% in the first period to a relative plateau of 46% (113 projects) across the two-decade span. Conversely, the English language experienced rapid growth, rising from 11% to 24% in the third period, alongside the steady presence of hybrid (mixed Kurdish-English) naming patterns at 37%.
The study concludes that non-Kurdish names overall (hybrid + English) have become dominant at 54% (135 projects) compared to purely Kurdish names at 46%. This demonstrates that the economic interests of the private sector and the logic of globalization have exerted a stronger influence than official language laws and policy directives. Finally, the study provides strategic recommendations to reorganize language policy within the tourism sector.

الملخص

تركز هذه الدراسة على التحليل اللغوي والقانوني لأسماء (٢٤٨) مشروعًا سياحيًا في إقليم كوردستان بين عامي( ٢٠٠٧ -٢٠٢٦) ، والحاصلة على تراخيص رسمية من هيئة الاستثمار.
تهدف الدراسة بشكل رئيسي إلى تحديد اتجاهات التغيير اللغوي، وتقييم مستوى تطبيق قانون اللغات الرسمية في الإقليم (رقم ٦ لسنة ٢٠١٤)، واستكشاف تأثيرات العولمة والتسويق على المشهد اللغوي في الفضاء العام.
ولتحقيق هذه الأهداف، تم اعتماد المنهج الوصفي التحليلي والإحصائي التتبعي) ، حيث قُسّمت البيانات إلى ثلاث مراحل تاريخية رئيسية: (٢٠٠٧-٢٠١٢)، (٢٠١٣-٢٠١٨)، و(٢٠١٩-٢٠٢٦).
أظهرت نتائج الدراسة تراجع الهيمنة المطلقة للغة الكوردية من (٥٢٪) في المرحلة الأولى إلى مستوى نسبي مستقر عند (٤٦٪ /١١٣ مشروعًا) على مدى العشرين عامًا المذكورة. في المقابل، شهدت اللغة الإنجليزية نموًا سريعًا حيث ارتفعت نسبتها من ١١٪ إلى ٢٤٪ في المرحلة الثالثة، مع استمرار ظاهرة التسمية الهجينة (المختلطة) بنسبة ٣٧٪.
وخلصت الدراسة إلى أن المجموع الكلي للأسماء غير الكوردية (المختلطة + الإنجليزية) أصبح هو السائد بنسبة (٥٤٪ /١٣٥ مشروعًا) مقارنة بالأسماء الكوردية (٤٦٪). وهذا يثبت أن المصالح الاقتصادية للقطاع الخاص ومنطق العولمة قد غلبا على التعليمات والسياسات القانونية للغة الرسمية. وفي ختام الدراسة، تم تقديم مجموعة من التوصيات لإعادة تنظيم السياسة اللغوية في القطاع السياحي.
يُعد قطاع السياحة والاستثمار من أكثر القطاعات حيويةً التي تنعكس فيها ملامح المشهد اللغوي؛ إذ يعكس اختيار أسماء المشاريع السياحية الصراع بين ثلاث قوى رئيسية: السياسة اللغوية الرسمية للدولة، والمتطلبات الاقتصادية والسوقية، والتغيرات التاريخية والجغرافية في إقليم كردستان.

# دیمەنی زمانی لە کەرتی گەشتیاریی هەرێمی کوردستاندا: پرۆژە مۆڵەتدراوەکانی دەستەی وەبەرهێنان (٢٠٠٧ - ٢٠٢٦) بەنموونە

م.ی. جيهان يوسف أحمد
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین
زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
jihan.y.ahmed@su.edu.krd

م.ی. گەزەنگ عبدالقادر عبدالله
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین
زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
gezeng.abdulla@su.edu.krd

پوختە

ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی زمانەوانی یاسایی ناوی (٢٤٨)[١] پرۆژەی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٧ تا ٢٠٢٦)، کە مۆڵەتی فەرمییان لە دەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی ئاراستەی گۆڕانی زمانی، هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێم (ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤)، و دۆزینەوەی کاریگەرییەکانی ڕەوتی بەجیهانیبوون و بازاڕسازییە لەسەر دیمەنی زمانییدا. لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی وەصفی-شیکاری و ئاماریی بەکارهێنراوە، بە جۆرێک داتاکان بۆ سێ قۆناغی مێژوویی سەرەکی (٢٠٠٧-٢٠١٢، ٢٠١٣-٢٠١٨، ٢٠١٩-٢٠٢٦) دابەش کراون. هەروەها ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخست، کە زمانی کوردی لە سەروەریی ڕەهای قۆناغی یەکەمەوە (٥٢٪) پاشەکشەی کردووە بۆ ئاستی ڕێژەیی و لەسەر ئاستی کۆی ٢٠ ساڵەکەدا (٤٦٪ / ١١٣ پرۆژە)ی جێگیر کردووە. لە بەرامبەردا، زمانی ئینگلیزی گەشەیەکی خێرای بەخۆیەوە بینیوە و ڕێژەکەی لە ١١٪ ەوە بەرزبووەتەوە بۆ ٢٤٪ لە قۆناغی سێیەمدا، لەگەڵ بەردەوامیی دیاریدەی ناونانی تێکەڵ بە ڕێژەی ٣٧٪ بەرزبۆتەوە. هەروەها توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرئەنجامە سەرەکییەی، کە کۆی ناوە (تێکەڵ + ئینگلیزی) بە ڕێژەی (٥٤٪ / ١٣٥ پرۆژە) باڵادەست بوون بەسەر ناوە کوردییەکاندا (٤٦٪)، ئەمەش دەیسەلمێنێت، کە بەرژەوەندیی ئابووریی کەرتی تایبەت و بەجیهانیبوون تەواو زاڵ بوون بەسەر ڕێنمایی و سیاسەتە یاساییەکانی زمانی فەرمیدا. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە کۆمەڵێک ڕاسپاردەی خستووەتەڕوو بۆ ڕێکخستنەوەی سیاسەتی زمانی لە کەرتی گەشتیاریدا.

وشە سەرەکییەکان: دیمەنی زمانی، سیاسەتی زمان، یاسای زمانە فەرمییەکان، بەجیهانیبوون، کەرتی گەشتیاری.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### ١-١- پێشەکی:

[١] بەهۆی ڕێنماییەکانی گۆڤار و سنووردارێی ژمارەی لاپەڕەکان، خشتەی گشتیی ناوی سەرجەم پرۆژە گەشتیارییەکان و دەقە خاوەکان نەواوی داتاکان لە ڕێگەی بەستەر (Link) و بارکۆدی دیجیتاڵییەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا لە لیستی سەرچاوەکان دانراون.

لە جیهانی هاوچەرخدا، زمان تەنها ئامرازێک پەیوەندیکردن و لێکتێگەیشتنی نێوان تاکەکان نییە، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، کەلتووری، یاسایی و ئابووریی ئاڵۆزە، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دەسەڵات، ناسنامە و دەوربەرەوە هەیە. لە سەدەی بیست و یەکدا، بەهۆی تەوژمی خێرای بەجیهانیبوون (Globalization) و پەرەسەندنی خێرای کەرتی بازرگانی و بازاڕسازی(Marketing) ، زمان لە شەقام و دەوروبەردا شێواز و بەرگێکی نوێی پۆشیوە. لەم چوارچێوەیەدا، زانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی (Sociolinguistics) بوارێکی نوێی توێژینەوەی بە ناوی **(دیمەنی زمانی)Linguistic Landscape** هێناوەتە ئاراوە، کە گرنگی بە شیکردنەوەی زمانی نوسراوی بینراو لە نیشانە و تابلۆ گشتیی و بازرگانییەکاندا دەدات.

کەرتی گەشتیاری و وەبەرهێنان یەکێکە لە زیندووترین ئەو بوارانەی، کە دیمەنی زمانی تێیدا بەرجەستە دەبێت؛ چونکە ناونانی پڕۆژە گەشتیارییەکان ڕەنگدانەوەی کێشمەکێشی نێوان سێ هێزی سەرەکییە :**سیاسەتی زمانی فەرمیی دەوڵەت، خواستە ئابووری و بازاڕسازییەکان، و گۆڕانکارییە مێژوویی و جوگرافییەکان** .لە هەرێمی کوردستاندا.

لە دوای دەرچوونی (یاسای زمانە فەرمییەکان) ی (ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤)، زمانی کوردی وەک زمانی فەرمیی سەرەکی ناسێنراوە و جەخت لەسەر باڵادەستی زمانی ستاندارد کراوەتەوە. بەڵام، لەگەڵ گەشەکردنی کەرتی وەبەرهێنانی گەشتیاری لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٧ تا ٢٠٢٦) و دروستبوونی جیاوازیی جوگرافی لە نێوان شارەکاندا، دیاردەی ناونانی پڕۆژەکان بە وشەی بیانی، تێکەڵ یان دوور لە زمانی ستاندارد ڕووی لە زیادبوون کردووە، کە ئەمەش دیاریکردنی پێگەی یاسایی و زمانیی ئەم ناوانەی کردووەتە پێویستییەکی زانستی.

### ١-٢- کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە بەهۆی گەشەی خێرای کەرتی وەبەرهێنانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان و زاڵبوونی ڕەوتی بەجیهانیبوون، پارادۆکسێ لە نێوان **چوارچێوە یاساییەکانی سیاسەتی زمان** و **پراکتیزەی واقعی لە ناونانی پڕۆژە گەشتیارییەکاندا** دروست بووە. بەکارهێنانی بەربڵاوی وشە و ناوە بیانییەکان یان دروستکردنی ناوی تێکەڵ، بووەتە هۆی پەراوێزخستنی زاراوە ڕەسەنەکانی زمانی کوردی، وەک بەکارهێنانی وشەی *( هۆتێل)* لەبری *( میوانخانە))*، یان *(گاردن)* لەبری *(باخ)* ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییانە بداتەوە:

١. تا چەند ناوی پڕۆژە گەشتیارییە تۆمارکراوەکانی دەستەی وەبەرهێنان بەپێی (پێگەی یاسایی زمانی ناوەکە) پابەندی یاسای زمانە فەرمییەکانن؟
٢. ئاراستەی گۆڕانی جۆری زمان (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی ، تێکەڵ) لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٧ تا ٢٠٢٦ بەپێی کات (ساڵی مۆڵەت) و شوێنی جوگرافی (شارەکان) بەرەو کوێ دەچێت؟



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 9
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

### ١-٣- گرنگیی توێژینەوەکە:

لە ڕووی میتۆدۆلۆژی و پراکتیکییەوە، گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە **خشتەیەکی زانیاریی ڕێکخراو و زانستی لە ڕێگەی بەرنامەی Excel بۆ تەواوی پڕۆژە گەشتیارییەکان پێشکەش دەکات،** کە تێیدا ناوەکان بەپێی پێوەری دیاریکراو پۆلێن کراون و وەک سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو خزمەت بە توێژینەوەکانی داهاتوو دەکات. هاوکات لە ڕووی سیاسەتی زمانییەوە، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەبنە بەرچاورووونییەکی زانستیی گرنگ بۆ بڕیاربەدەران، دەستەی وەبەرهێنان و دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، تاوەکو لە ڕێگەی دارشتن و پێداچوونەوەی ڕێنماییە یاساییەکانەوە، بتوانن هاوسەنگییەکی دروست لە نێوان هاندانی گەشەی ئابووری، ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی شارەکان و پاراستنی پێگەی زمانی فەرمیی دروست بکەن.

### ١-٤- ئامانجی توێژینەوەکە:

١- دەستنیشانکردنی ناوی پڕۆژەکان (کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی، تێکەڵ).

٢- هەڵسەنگاندنی ئاستی فەرمیبوون یان نا فەرمیبوونی ناوەکان بەپێی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان (ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤).

٣- **دۆزینەوەی ئاراستەی گۆڕانی مێژوویی :**شیکردنەوەی ماوەیی بۆ سێ قۆناغی سەرەکی (٢٠٠٧-٢٠١٢، ٢٠١٣-٢٠١٨، ٢٠١٩-٢٠٢٦) تا ڕێڕەوی گۆڕانی ناونان و کارپێکردنی زمانەکان ئاشکرا ببێت.

### ١-٥- ڕێبازی توێژینەوەکە:

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، پەیرەوی لە **ڕێبازی وەسفی-شیکاری** کراوە بە پشتبەستن بە **کۆکردنەوەی داتای چەندایەتی.**

- **کۆمەڵگەی توێژینەوەکە** بریتییە لە کۆی گشتیی ناوی ئەو پڕۆژە گەشتیارییانەی کە لە (دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان) لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٧ تا ٢٠٢٦) مۆڵەتیان پێدراوە.
- بەرنامەی **Microsoft Excel** بەکارهێنراوە، کە تێیدا خشتەیەکی کۆدکاری دارێژراوە و پێنج ستوونی سەرەکی (ناوی پڕۆژە، شار، ساڵی مۆڵەت، جۆری زمان، پێگەی یاسایی زمانی ناوەکە) شیکردنەوەی ئاماریی ڕێژەییان بۆ دەکرێت.

### ١-٦- پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەش دەبێت. **بەشی یەکەم: پێشەکی و میتۆدۆلۆژیی توێژینەوەکە** تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی کێشە، گرنگی، ئامانج، ڕێباز و چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە. **بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت،کە** تێیدا تیشک دەخرێتە سەر چەمکی دیمەنی زمانی لە کەرتی گەشتیاریدا، سیاسەتی زمان و یاسای زمانە فەرمییەکان (ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤)،

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ناوی تێکەڵ و بیانی، و پێوەرەکانی دیاریکردنی پێگەی یاسایی ناونان. **بەشی سێیەم: شیکردنەوەی پراکتیکی داتاکانە**، کە تێیدا خشتەی داتاکانی دەستەی وەبەرهێنان دەخرێتەڕوو، هەروەها شیکردنەوەی ئاماری بۆ پەیوەندی نێوان (ناوی پرۆژە، شار، ساڵی مۆڵەت، جۆری زمان، و پێگەی یاسایی زمانی ناوەکە) ئەنجام دەدرێت و توێژینەوەکە بە ئەنجام و ڕاسپاردەکان کۆتایی پێدێت.

بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە:

٢-١- چەمك و پێناسەی دیمەنی زمانی:

دیمەنی زمانی (Linguistic Landscape) یەکێکە لە بوارە نوێ و پێشکەوتووەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی (Sociolinguistics)، کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا وەک بوارێکی سەربەخۆی لێکۆڵینەوە گەشەی کردووە. ئەم بوارە گرنگی بە شیکردنەوەی ئەو زمانانە دەدات، کە لە شوێنە گشتییەکاندا بە شێوەی نووسراو دەردەکەون و وەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی پەیام، پیشاندانی ناسنامە و نیشاندانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کار دەکەن. لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە، دیمەنی زمانی تەنها کۆمەڵێک تابلۆ و ناونیشانی ئاسایی و بێلایەن نییە، بەڵکو بەشێکە لە سیستەمی ئاڵۆزی پەیوەندیی نێوان زمان، دەسەڵات، و ناسنامەی گشتی؛ بەم پێیە، هەر نیشانەیەکی نووسراو، کە لە دەوروبەردا بەدی بکرێت، دەکرێت ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی دیمەنی زمانی.

هەرچەندە پێش ساڵی ١٩٩٧ چەندین توێژینەوە لەسەر زمانی نیشانە گشتییەکان ئەنجام درابوون، بەڵام چەمکی (دیمەنی زمانی) بە شێوەیەکی تیۆری و میتۆدۆلۆژی بۆ یەکەم جار لەلایەن ڕۆدریگ لاندری و ڕیچارد بورهیس (Bourhis, 1997 & Landry) خراوەتەڕوو، و وتارە بنەڕەتییەکەی ئەوان لە ساڵی ١٩٩٧ بە بەردی بناغەی سەرەکیی ئەم بوارە دەناسرێت. لاندری و بورهیس پێیان وابوو دیمەنی زمانی تەنها گرنگی بە تابلۆ نووسراوەکان نادات، بەڵکو ئامرازێکیشە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان زمان، کۆمەڵگا، ناسنامە و دەسەڵات. بەپێیان وابوو ئامادەبوون یان بزربوونی زمانێک لە دەوروبەردا، ڕاستەوخۆ نیشاندەری ئاستی هێز، پێگە، ئەو زمانەیە لە گۆمەڵگەدا (Bourhis, 1997: 25–27 & Landry). دوای بڵاوبوونەوەی ئەم توێژینەوەشیان، دیمەنی زمانی بە خێرایی بوو بە یەکێک لە گرنگترین بوارەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی و لە بوارە جیاوازەکاندا بەکارهێنرا، وەک سیاسەتی زمان، دامەزراوە پەروەردەییەکان، گەشتیاری، بازرگانی، کۆچبەری، شارستانیبوون ......

لەم بارەیەوە پێناسە و تێڕوانین حیاوازی سەریان هەڵدا، بەڵام یەکەمین و بەناوبانگترین و پێناسەی بۆ دیمەنی زمانی لەلایەن لاندری و بورهیس (Bourhis, 1997 & Landry) پێشکەش کرا، کە لە کورتەی توێژینەوەکەیاندا دەڵێن: (دیمەنی زمانی بریتییە لە دیاربوون و بەرچاوکەوتنی زمانەکان لە نیشانە گشتی و بازرگانییەکاندا) (Bourhis, 1997:  & Landry 23). ئەم پێناسەیە لەسەر دوو چەمکی جەوهەری ڕاوەستاوە: (دیاربوون) (Visibility) کە ئاماژەیە بۆ بوونی فیزیکیی زمان لە شوێنی گشتیدا، و (بەرچاوکەوتن) (Salience) کە بەستراوە بە قەبارەی نووسین، شوێنی دانان، ڕەنگ، دیزاین و کاریگەریی ڕەمزی نیشانەکەیە (بۆ نموونە دەکرێت دوو زمان لەسەر تابلۆیەک هەبن، بەڵام یەکێکیان زیاتر بەرچاو بکەوێت و هێزی زیاتر

نیشان بدات). دواتر پێناسەکەیان فراوانتر دەکەن و دەڵێن: (زمانی تابلۆکانی ڕێگا، تابلۆ بازرگانییەکان، ناوی شەقامەکان، ناوی شوێنەکان، تابلۆی دوکانەکان و نیشانە فەرمییەکانی بیناکانی حکومەت، پێکەوە دیمەنی زمانی ناوچەیەک، هەرێمێک یان شارێک پێکدەهێنن) (Bourhis, 1997: 25 & Landry). ئەم پێناسەیە سنووری بوارەکەی بە ڕوونی دیاری کرد.
لە دوای ساڵانی دووهەزارەکانیشەوە زانایانی ئەم بوارە هەوڵیاندا چەمکەکە بەرفراوانتر بکەن؛ شوهامی و گۆرتەر (Gorter, 2009 & Shohamy) ئاماژەیان بەوە کرد، کە دیمەنی زمانی نابێت تەنها لە چوارچێوەی تابلۆ و نووسیندا ببینرێت، بەڵکو دەبێت وەک بوارێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری لێی بڕوانرێت، کە هەڵبژاردنی زمان، ئایدیۆلۆژیا، پەیوەندییەکانی دەسەڵات، ناسنامە و بەها کۆمەڵایەتییەکان تێیدا ڕەنگ دەدەنەوە (Gorter, 2009: 1– & Shohamy 3). هەروەها باکهاوس (Backhaus, 2007) پێی وابوو شیکردنەوەی زمان لە دەوروبەردا تەنها کارێکی زمانەوانی نییە، بەڵکو پەیوەندی بە سۆسیۆلۆژیا، جوگرافیا، سیاسەتی زمان، سیمیۆتیک و ئەنسرۆپۆلۆژیاشەوە هەیە (Backhaus, 2007: 4–6). لە هەمان کاتدا گۆرتەر ( Gorter, 2006) ئاماژە دەدات کە دیمەنی زمانی لە ئێستادا تەنها شیکردنەوەی نیشانە نووسراوەکان نییە، بەڵکو توێژینەوەی چۆنیەتی ئامادەبوونی زمان لە دەوروبەر و کاریگەریی ئەو ئامادەبوونە لەسەر بەکارهێنەرانی زمانیش دەگرێتەوە؛ هەر بۆیە نیشانەکانی ناو بیناکان، پۆستەرەکان، و تەنانەت نیشانە دیجیتاڵییەکانیش لەخۆدەگرێت. بە شێوەیەکی گشتی، چەمکی دیمەنی زمانی هەموو ئەو تابلۆ نووسراوانە دەگرێتەوە کە بۆ ناساندنی شوێنەکان بەکاردێن، و گرنگی بە زمان دەدات لە دۆخی دەرکەوتنیدا وەک ئاماژەدەرێکی بەرجەستە لە ژینگە و دەوروبەردا (أحمد، ٢٠٢٢: ١٥).
لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەشدا، دیمەنی زمانی بەو واتایە وەردەگیرێت کە ناوی پرۆژە گەشتیارییەکان وەک بەشێک لە نیشانە زمانییە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان شیدەکرێنەوە. ئەم ناوانە تەنها ئەرکیان ناساندنی پرۆژەکەیان نییە، بەڵکو هەڵگری پەیامی زمانی و، کەلتووری و ئابوورییەکانیشن و دەتوانن ئاراستەی هەڵبژاردنی زمان، بنچینەی ناو و ئاستی فەرمیبوونی ناونان لە کەرتی گەشتیاریی هەرێمی کوردستان نیشان بدەن. بەکارهێنانی زمان لەم کەرتەدا خزمەت بە دروستکردنی وێنەی ئەرێنی، ڕاکێشانی گەشتیاران و بەرجەستەکردنی ناسنامە دەکات. بۆیە شیکردنەوەی ناوی ئەم پرۆژانە تەنها لێکۆڵینەوەی ناوەکان نییە ، بەڵکو لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بەشێکی سەرەکییە لە دیمەنی زمانیی گشتیی هەرێمی کوردستاندا.

### ٢-٢- دیمەنی زمانی و کەرتی گەشتیاری:

کەرتی گەشتیاری یەکێکە لە دیارترین ئەو بوارانەی کە دیمەنی زمانی تێیدا بەرجەستە دەبێت؛ چونکە زۆربەی پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوە گەشتیارییەکان و گەشتیاران لە ڕێگەی زمان و نیشانە نووسراوەکانی وەک ناوی هۆتێلەکان، شاری یاری، پرۆژەکانی نیشتەجێبوون، ڕێنماییە گەشتیارییەکان، تابلۆکانی ڕێگا، پۆستەر و ڕیکلامەکانەوە ئەنجام دەدرێن (Gorter & Cenoz, 2024: 12-15). لەم چوارچێوەیەدا، هەڵبژاردنی زمان بۆ ناونانی پرۆژە گەشتیارییەکان تەنها بڕیارێکی زمانی نییە، بەڵکو ستراتیژییەتێکی ئابووری، کەلتووری و بەبازاڕکردنە؛ خاوەن پرۆژەکان زۆرجار بە مەبەستی ڕاکێشانی گەشتیاری بیانی، دروستکردنی براند و خولقاندنی وێنەیەکی مۆدێرن و جیهانی، ڕوو لە بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی یان ناوە بیانییەکان دەکەن.

ئەگەرچی ئەم دیاردەیە لە زۆر وڵاتدا باوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پێگە زمانی نەتەوەییدا هەیە.(Jaworski & Thurlow, 2010: 25-28)

لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە، ناوی پرۆژە گەشتیارییەکان هەڵگری پەیامی قووڵی کەلتووری، ناسنامەیی و سیاسین. بەکارهێنانی ناوێکی ناوخۆیی (وەک کوردی) نیشانەی بەهێزی ناسنامەی نەتەوەیی و مێژوویی شوێنەکەیە، لە کاتێکدا ناوە نێودەوڵەتییەکان زیاتر وەڵامدانەوەی ڕەوتی بەجیهانیبوون (گلۆبالیزەیشن) و هەوڵێکە بۆ بەهێزکردنی ڕەهەندی بازرگانی. سەرەڕای ئەوەش، دیمەنی زمانی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی زمانی فەرمیی دەوڵەتانیشە؛ لەو وڵاتانەی بەتوندی یاسای پاراستنی زمانی نەتەوەیی جێبەجێ دەکرێت، زمانی ناوخۆیی پێگەی سەرەکیی لە تابلۆکاندا هەیە، لە کاتێکدا لەو ناوچانەی بازاڕی ئازاد و کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکان زاڵترن، زمانی بیانی بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی دەبێتە زمانی باڵادەست لە دیمەنی زمانیی کەرتی گەشتیاریدا(Shohamy & Gorter, 2009: 45-48).

لە هەرێمی کوردستاندا، لە دوو دەیەی ڕابردوودا کەرتی گەشتیاری گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و سەدان پرۆژەی گەشتیاری ، میوانخانە و کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون دامەزراون. هاوتەریب لەگەڵ ئەم گەشەکردنەدا، ناوی پرۆژە گەشتیارییەکان بڕیار لەسەر پێکهاتەی دیمەنی زمانیی هەرێم دەدەن. لەبەر ئەوە، لەم توێژینەوەیەدا ناوی پرۆژە گەشتیارییە تۆمارکراوەکانی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان وەک داتای سەرەکی هەڵبژێردراون تا وەک چوارچێوەیەکی تیۆری بکاربهێنرێن بۆ شیکردنەوەی ئاراستەی زمان، بنچینەی ناوەکان، ئاستی فەرمیبوونیان، و تێگەیشتن لەوەی تا چەند شێوازی ناونان لەگەڵ سیاسەتی زمانیی هەرێمدا گونجاوە یان کێبڕکێی بەبازرڕیکردن و بە جیهانیبوون ئاراستەی دەکەن.

## ٢-٣- سیاسەتی زمان لە هەرێمی کوردستاندا:

سیاسەتی زمان چوارچێوەیەکی ستراتیژیی یاسایی و کارگێڕییە، کە لەلایەن دەوڵەت یان دامەزراوە فەرمییەکانەوە بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمان لە بوارە هەستیارەکانی کۆمەڵگەدا (وەک پەروەردە، دادگا، فەرمانگەکان، ڕاگەیاندن، بازرگانی و شوێنە گشتییەکان....) دادەڕێژرێت. لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، ئەم چەمکە تەنها کورت نابێتەوە لە دەقی یاسا و ڕێنماییە نووسراوەکاندا، بەڵکو هەموو ئەو بڕیار، کردار و باوەڕە بەکۆمەڵانەش دەگرێتەوە، کە ئاراستەی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵگەدا دیاری دەکەن.(Spolsky, 2004)

لە لێکدانەوەیەکی فراوانتردا بۆ ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکەی، سیاسەتی زمانی بە کۆی ئەو بژاردە و هۆشیارییانە هەژمار دەکرێت، کە لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا کاریان پێدەکرێت، بە تایبەتی لەنێوان زمان و ژیان لە سایەی نیشتماندا (خۆشناو، ٢٠١٨: ٢٠). لەم ڕوانگەیەوە، سیاسەتی زمان وەک ئامرازێک کار دەکات، بۆ ئاڕاستەکردن و ڕێکخستنی ڕەفتاری زمانیی ڕۆژانە، تا لە ڕێگەیەوە پەیوەندی نێوان شوناسی نەتەوەیی و زمانی فەرمی بەهێزتر بکرێت

هاوتەریب لەگەڵ ئەمدا، سیاسەتی زمان بریتییە لە داڕشتنی بنەماکانی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی زمان (زمانێک) کە پەیوەندی بە هەوڵە فەرمییەکانەوە هەیە بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر دۆخ (پێگە) و بەکارهێنانی زمانێک یاخود چەند زمانێک؛ واتە میکانیزمێکی سەرەکییە بۆ



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 9
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ڕێکخستن، بەڕێوەبردن و دەستکاری کردنی ڕەفتارەکانی زمان و بەکارهێنانەکانی لە کۆمەڵگەدا (حەمە غەریب، ٢٠٢٤: ٧٧). کەواتە وەک ئامانجێکی گشتی، سیاسەتی زمان چوارچێوەیەکی بڕیاردەرە بۆ ڕێکخستنی جێگەی زمانەکان لە دەوروبەردا، کە بە پلەی یەکەم لەسەر دوو مەبەستی سەرەکی ڕاوەستاوە؛ ئەوانیش :**گۆڕینی زمان** (ڕێکخستنەوەی پێگە و کارکردنی) و **پاراستن و پەرەپێدانی زمان** (قازی، ٢٠٢٠: ١٦).

هەروەها لە چوارچێوەی دەوڵەتداری و ناسنامەی نەتەوەییدا، زمانی نەتەوە ئەو زار یان زمانەیە، کە لە سنووری وڵاتیکدا بۆ ڕاپەڕاندنی سێ ئەرکی گەورە لە هەموو بوارەکاندا (لەنێویاندا قوتابخانە، دادگا، شەقام، ماڵ، مزگەوت و فەرمانگەکان) بەکاردێت، کە بریتیین لە:

١. بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری، پەروەردەیی، تەندروستی و کۆمەڵایەتی.

٢. گەشەپێدانی کەلتووری هاوبەش کە خەڵکی دەوربەر کۆدەکاتەوە.

٣. پتەوکردنی گیانی نیشتمانی و نەتەوایەتی (فەتاح، ٢٠١٠: ٣٥٧).

هەر کەلتوورێک خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە کە لە ناو دابونەریت، ڕەفتارەکان و فەرهەنگی زمانیی ئەندامانی کۆمەڵگادا هەڵگیراوە؛ لەڕێگەی زمانەوە ئەو کەلتوورانە ئاڵوگۆڕ دەکرێن، چونکە هیچ زمانێک لە جیهاندا نییە، کە لە ڕێگەی کەلتوورەوە پەیوەندی لەگەڵ زمانەکانی تردا دروست نەکردبێت (سلیم، ٢٠١٠: ١٤٢).

لە هەرێمی کوردستانیشدا، گرنگترین بەڵگەی یاسایی لەبارەی سیاسەتی زمانەوە، (یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان–عێراق) ی (ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠١٤)ە. ئامانجی سەرەکیی ئەم یاسایە پاراستن، بەهێزکردن و ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکان لە هەموو دامەزراوەکانی هەرێمدا و دیاریکردنی ماف و ئەرکە زمانییەکانە. یاساکە لە ماددەی (١)دا بە ڕوونی ئاماژە دەکات، کە زمانی کوردی زمانە فەرمییەکەی هەرێمی کوردستانە، هاوکات زمانی عەرەبی و زمانەکانی پێکهاتەکانی تر بەپێی دەستوور و یاساکان پارێزراون. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە سیاسەتی زمانی هەرێم لەسەر دوو بنەمای سەرەکی وەستاوە: یەکەم، پاراستنی پێگەی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی؛ دووەم، ڕێزگرتن لە مافی زمانی پێکهاتەکانی تر.

بەپێی یاساکە، زمانی کوردی زمانی سەرەکییە لە یاسادانان، دادگا، بڕیارە فەرمییەکان و بەڵگەنامەکانی دامەزراوە حکومییەکاندا. لە پەیوەندییە فەرمییەکانی ناوخۆی هەرێمدا، زمانی کوردی بنەمای کارکردنە، لە کاتێکدا لە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و دامەزراوە دەرەکییەکاندا بەکارهێنانی زمانی عەرەبی و زمانەکانی تر ڕێگەپێدراوە. هەروەها یاساکە جەخت دەکاتەوە، کە ناونیشان، بەڵگەنامە، فۆرم، ڕێنمایی و نووسینە فەرمییەکان دەبێت بە زمانی کوردی ئامادە بکرێن. لە بواری بازرگانی و ڕیکلامیشدا، داواکراوە نووسینەکان بە زمانی کوردی بن و زمانەکانی تر نابێت شوێنی زمانی کوردی بگرنەوە.

لە ڕوانگەی دیمەنی زمانییەوە، ئەم یاسایە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە دیاری دەکات چ زمانێک دەبێت لە دەوروبەر و نیشانە فەرمییەکاندا بەرچاو بێت. یەکێک لە سودە گرنگەکانی فرەزمانی لە دیمەنی زمانیی کەرتی بازرگانی و گەشتیاریدا، بریتییە لە سودی ئابووری؛ چونکە دەکرێت ببێتە بەرچاوڕوونی بۆ گەشتیاران و ڕێ خۆشکەر بۆ ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری دەرەکی (أحمد، ٢٠٢٢: ٣٠).

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێنمایە یاساییەکان چوارچێوەیەکی توندیان بۆ چۆنیەتیی دەرکەوتنی زمان لە دیمەنە زمانییەکاندا دیاری کردووە:

١- ديمەنە زمانییە تاکزمانەکان(Monolingual Landscape) : بەپێی ڕێنمایی و یاساکان، هەر تابلۆ یان دیمەنێکی زمانی لە دەوروبەردا کە تەنها بە یەک زمان بنووسرێت، دەبێت بە زمانی کوردی بێت؛ بە پێچەوانەوە، بە هەر زمانێکی تر بنووسرێت ئەو دیمەنە زمانییە بە نافەرمی و پێچەوانەی ڕێنمایی و یاساکان دادەنرێت.










ده به دوو رمان دەنووسرێن، بەپێی ڕێنماییەکان مەرجە زمانی کوردی لە سەرەتادا (لە سەرەوە یان بەشی پێشەوە) بنووسرێت، هەروەها زمانی کوردی دەرکەوتووتر، دیارتر و گەورەتر بێت لە زمانەکەی تر؛ بە پێچەوانەی ئەمە، دیمەنەکە بە نافەرمی دادەنرێت .







٣- ديمەنە زمانییە فرەزمانەکان (Multilingual Landscape): بۆ ئەو تابلۆ و دیمەنە زمانییانەی، کە بە زیاتر لە دوو زمان دەنووسرێن، بەپێی ڕێنماییەکان مەرجە زمانی کوردی لە سەرەتای هەموو زمانەکانی تردا بنووسرێت و لە ڕووی قەبارە و شوێنەوە بەرچاوترین و باڵاترین زمان بێت؛ لەم بارەیەوە ئەگەر زمانی کوردی لە ڕیزبەندیدا خرایە دوای زمانەکانی تر، یان لە ڕووی قەبارە و بەرچاوکەوتنەوە بچووکتر و پەراوێزخراوتر دیار بێت، ئەوە بە نافەرمی دادەنرێت و بە پێچەوانەی ڕێنماییەکان هەژمار دەکرێت.


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 9
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

کەواتە، شیکردنەوەی ناوی پرۆژە گەشتیارییەکان ڕاستەوخۆ دەریدەخات، کە تا چەند کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان پابەندی چوارچێوە یاساییەکانی زمانی نەتەوەیین، یان تا چەند بازاڕکاری لە سەر حسابی پێگە و دیاربوونی زمانی کوردی ئەنجام دراوە.







٢-٤- ناونان لە دیمەنی زمانییدا:

ناونان (Naming) یەکێکە لە بنەڕەتیترین کردارە زمانەوانییەکانە، کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە شتەکان، شوێنەکان، دامەزراوەکان و پرۆژەکان ناساندن و جیا دەکاتەوە. لە زمانەوانیدا، ناو تەنها ئامرازێکی ناساندن نییە، بەڵکو هەڵگری واتا، ناسنامە، کەلتوور و بەهای کۆمەڵایەتییە. هەڵبژاردنی ناو زۆرجار لە ژێر کاریگەریی فاکتەری زمانەوانی، کەلتووری، مێژوویی، ئابووری و بازاڕکردنەوەیە، بۆیە ناو دەتوانێت وەک پەیامێکی کورت ئەو وێنەیە دروست بکات، کە خاوەن پرۆژەکە دەیەوێت بیگەیەنێت.(Ainiala, Saarelma, & Sjöblom, 2012)

لە توێژینەوەکانی دیمەنی زمانییدا، ناوی شوێن و دامەزراوەکان تەنها بە زمانەوە پەیوەندیدار نین، بەڵکو بە ناسنامە، هێز، سیاسەت و کەلتووریش گرێدراون. لەبەر ئەوە، هەر ناوێک هەڵگری واتا و پەیامە کە لە دیمەنی زمانی دەردەکەون، کە ئاماژە دەدەن ناوی میوانخانەکان، قاوەخانە، پرۆژە گەشتیارییەکان تەنها ناساندنی شوێن ناکەن، بەڵکو هەوڵ دەدەن هەستێکی تایبەت، پلەی کۆمەڵایەتی بۆ خوێنەر دروست بکەن. کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سیاسەتی زمان هەیە. ئەگەر دامەزراوەیەک ناوی کوردی هەڵبژێرێت، ئەوا بە شێوەیەک پشتگیری لە ناسنامەی زمانی ناوخۆ دەکات؛ بەڵام ئەگەر ناوی ئینگلیزی یان فەرەنسی هەڵبژێرێت، لەوانەیە ئامانجی سەرەکی گەیشتن بە بازاڕی نێودەوڵەتی یان ڕاکێشانی گەشتیاری بیانی بێت. بۆیە، هەڵبژاردنی ناو هەمیشە بڕیارێکی زمانەوانی نییە، بەڵکو بڕیارێکی ئابووری، کەلتووری و ستراتیژییە.

لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا، ناوی پرۆژە گەشتیارییەکان وەک یەکەی شیکردنەوە هەڵبژێردراون، چونکە ئەم ناوانە دەتوانن ئاراستەی هەڵبژاردنی زمان، بنچینەی ناو، ئاستی فەرمیبوون و کاریگەریی بازاڕسازی لە کەرتی گەشتیاریی هەرێمی کوردستان ئاشکرا بکەن.

٢-٥- جۆرەکانی ناو لە دیمەنی زمانییدا

لە توێژینەوەکانی دیمەنی زمانییدا، هەڵبژاردنی زمان لە ناونیشان و ناوی دامەزراوەکان بە یەکێک لە سەرەکیترین پێوەرەکانی شیکردنەوە هەژمار دەکرێت؛ چونکە لە ڕێگەی زمانی بەکارهاتوو لە تابلۆکاندا، دەتوانرێت بە ئاسانی پێگەی زمانی فەرمی، کاریگەریی ڕاستەقینەی سیاسەتی زمان،

ئاستی پاراستنی ناسنامەی کەلتووری و ڕێژەی باڵادەستیی بە جیهانیبوون دەستنیشان بکرێت (Landry & Bourhis, 1997: 23-29): لە هەرێمی کوردستاندا، بەپێی (یاسای زمانە فەرمییەکان) ی(ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤)، زمانی کوردی وەک زمانی فەرمیی سەرەکی لە دامەزراوەکاندا ناسێنراوە و جەخت لەسەر بەکارهێنان و پاراستنی زمانی ستاندارد کراوەتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، ناو لە دیمەنی زمانیی پڕۆژە گەشتیارییەکاندا بەپێی بنچینەی زمانیی پۆلێن دەکرێت بۆ سێ جۆری سەرەکی:

١- **ناوی ڕەسەنی کوردی:** بریتییە لەو ناوانەی کە تەنها لە وشەی ڕەسەن و ستانداردی زمانی کوردی دروست کراون و لە نووسینیاندا بە هیچ شێوەیەک پێویستیان بە وشەی وەرگیراوی بیانی نییە. ئەم جۆرە ناوانە تەواو لەگەڵ بنەماکانی سیاسەتی زمانی هەرێمی کوردستان دا هاوتان و نیشانەی پاراستنی ڕاستەوخۆی ناسنامەی زمانی و کەلتوورین. لە دیمەنی زمانییدا، ئەم ناوانە زیاتر لە ئەرکێکی بونیادی و ناساندنی شوێنەکەدا کورت دەبنەوە تاوەکو بازارسازی و بازرگانی، هەروەها ئامادەییان دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی زمانی کوردی لە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا. **نموونە:** (میوانخانە، چێشتخانە، چایخانە، باخ، گوندی گەشتیاری، شاری گەشتیاری.......).







٢- **ناوی بیانی:** بریتییە لەو ناوانەی، کە بنچینەیان بۆ وشە یان دەربڕینی زمانەکانی تر (وەک ئینگلیزی، عەرەبی، فەرەنسی...) دەگەڕێتەوە، بەکارهێنانیان لە دیمەنی زمانییدا تەنها گۆڕینی ڕێنووسەکەیانە بۆ ئەلفوبێی کوردی. لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، گۆڕینی ئەلفوبێ بنچینەی زمان ناگۆڕێت؛ بۆ نموونە وشەی *Hotel* کاتێک بە شێوەی (هۆتێل) دەنووسرێت، هێشتا وشەیەکی بیانییە. لەم توێژینەوەیەدا، کاتێک بۆ چەمکێک هاوتای ڕەسەن و ستانداردی کوردی هەبێت (وەک *میوانخانە*)، بەکارهێنانی وشەی بیانی لەبری ئەو زاراوەیە بە **ناوی نافەرمی** هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، چونکە بە پێچەوانەی ئاراستەی پاراستنی زمانی فەرمی کار دەکات. **بۆ نموونە** : ( Hotel, Garden, Aqua, Resort, Plaza, Mall) **ڕێنووسی کوردیی بیانی:** (هۆتێل، گاردن، ئەکوا، .....).










٣- **ناوی تێکەڵ:** بریتییە لەو دەستەواژە و ناوانەی کە لە ڕێزبەندەکەیاندا وشەی دوو زمان یان زیاتر ئاوێتە دەکەن؛ بە شێوەیەک کە بەشێکی ناوەکە بە زمانی کوردی و بەشەکەی تری بە زمانی ئینگلیزی، عەرەبی یان زمانێکی ترە. ئەم دیاردەیە لە کەرتی گەشتیاریدا زۆر بەرچاوە، چونکە خاوەن پرۆژەکان هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی ئاوێتەکردنی زمانەکانەوە هەم ناسنامەی ناوخۆیی بنوێنن و هەم سەرنجی بازار و گەشتیاری بیانی لە ڕێگەی زمانێکی نێودەوڵەتییەوە ڕابکێشن.






بە شێوەیەکی گشتی **کاریگەریی جیهانبوون و بازارسازی**[٢] **لەسەر ناونانی پرۆژە گەشتیارییەکان** وەک یەکێک لە سەرەکیترین دیاردەکانی سەدەی بیست و یەک، کاریگەریی قووڵی لەسەر

---

[٢] **لەم توێژینەوەیەدا، بۆ ڕاگرتنی ڕەسەنایەتیی زمانی کوردی و بەکارهێنانی هاوتا ستانداردەکان، لەبری زاراوەی ئینگلیزیی** *(Globalization)* **زاراوەی (بەجیهانیبوون)، و لەبری زاراوەی** *(Marketing)* **زاراوەی (بازاڕسازی) بەکارهێنراون؛ چونکە هەمان واتا و مەبەستی زانستیی زاراوە بیانییەکان دەگەیەنن، هەروەها بازاڕسازی بریتییە لە تەواوی ئەو پرۆسە، ستراتیژ و چالاکییانەی کە کۆمپانیایەک یان دامەزراوەیەک ئەنجامی دەدات بۆ تێگەیشتن لە پێداویستییەکانی بەکاربەر، دروستکردنی بەرهەم یان خزمەتگوزاریی گونجاو، دیاریکردنی نرخ، ڕیکلامکردن، و گەیاندنی بەرهەمەکە بە بەکاربەر بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندییەکی درێژخایەن و بەدەستهێنانی قازانج، جیاوازیان نێوان بەبازاریکردن و بازاڕسازی**

گۆڕینی هەڵوێستی زمان و کەلتوور و ئابووریی کۆمەڵگەدا داناوە. لە ئەنجامی گەشەی گەشتیاری، بازرگانیی نێودەوڵەتی و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا، زمانە نێودەوڵەتییەکان—بەتایبەت زمانی ئینگلیزی—پێگەیەکی بەرچاویان لە ناونانی دامەزراوەکاندا داگیر کردووە, لە ڕوانگەی دیمەنی زمانییەوە، جیهانبوون وایکردووە ناوی شوێنە گشتییەکان بە وشەی بیانی (وەک (Hotel, Resort, Aqua, Royal بنووسرێن، بە مەبەستی ڕاکێشانی گەشتیار و دروستکردنی وێنەیەکی سەردەمی و کوالێتی بەرز لە مێشکی بەکارهێنەردا (Jaworski & Thurlow, 2010: 7-12) هاوتەریب لەگەڵ ئەمشدا بازاڕسازی، ڕۆڵێکی گرنگی لە هەڵبژاردنی ناوی پرۆژە گەشتیارییەکاندا دەگێڕێت. لە تیۆریی بەبازاڕیکردندا، ناو ئامرازێکی بنەڕەتیی براندسازی (Branding) و دروستکردنی ناسنامەی بازرگانییە؛ بە شێوەیەک خاوەنکاران ناوێک هەڵدەبژێرن کە سەرنجی کڕیار ڕابکێشێت (K otler & Keller, 2016: 281-285). ئەم ئاراستە بازرگانییە زۆرجار وادەکات لەبری وشە ڕەسەنە کوردییەکان (وەک *میوانخانە، چێشتخانە، قاوەخانە....*)، وشە بیانییەکان بەکاربهێنرێن، کە ئەمەش نیشانەی تێکەڵبوونی هێزەکانی بە جیهانیبوون(گلۆبالیزەیشن) ، بە بازاڕیکردنە

لە هەرێمی کوردستان—ئەم خواستە بازرگانییە بەربەرەکانێی چوارچێوە یاساییەکان دەکاتەوە. یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤ جەخت لەسەر بەزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی دەکاتەوە؛ لەبەر ئەوە، کاتێک بۆ چەمکێک هاوواتای کوردی هەبێت و ناوە بیانییەکە بەکاربهێنرێت، لە ڕوانگەی سیاسەتی زمانەوە بە **دوورکەوتنەوە لە ئاراستەی ستانداردسازی و نافەرمیبوون** دادەنرێت، هەرچەندە لە بۆ مەبەستی بازرگانیش بێت.

لە ئەنجامدا، ناونانی پرۆژە گەشتیارییەکان ئەنجامی کێشمەکێش و تێکەڵبوونی سێ هێزی سەرەکییە:

١. **سیاسەتی زمان:** کە هەوڵی پاراستن و باڵادەستکردنی زمانی فەرمی و ناسنامەی نیشتمانی دەدات.

٢. **بە جیهانیبوون(گلۆبالیزەیشن) :** کە لە ڕێگەی پەیوەندییە جیهانییەکانەوە کاریگەریی زمانە بیانییەکان بەهێز دەکات.

٣. **بازارسازی:** کە ناو وەک ئامرازێکی بازرگانی بۆ ڕاکێشانی گەشتیار و بازاڕسازی بەکاردێنێت.

لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا، ئەم سێ هۆکارە وەک بنەمایەکی تیۆری بەکاردەهێنرێن تا ئاستی پابەندبوونی پرۆژە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی، و ڕێژەی کاریگەریی زمانە بیانییەکان لە دیمەنی زمانییدا بپێورێت.

---

**ئەوەیە، کە بازاڕسازی** (Marketing) **زانست و بنەماکانی ڕاکێشانی بەکاربەر و فرۆشتنە بە شێوازێکی ستراتیژی، بەڵام بەبازاڕکردن** (Commercialization) **پرۆسەی بەکاڵاکردن و بازرگانیکردنی بیرۆکە یان دیاریدەیەکە لەناو بازاڕدا.**

بەشی سێیەم: شیکردنەوەی داتاکانی دیمەنی زمانی (ناوی پڕۆژە گەشتیارییەکان) لە هەرێمی کوردستاندا.

ئەم بەشەی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ جێبەجێکردنی لایەنی پراکتیکی و شیکردنەوەی ئاماریی داتاکان، دوای خستنەرووی چوارچێوەی تیۆریی دیمەنی زمانی و سیاسەتی زمان، و کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوون و بازاڕسازی لە کەرتی گەشتیاریدا.

٣-١- کۆمەڵگە و میتۆدۆلۆژیای شیکردنەوەی داتاکان

داتاکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە کۆی گشتیی ناوی (٢٤٨) پرۆژەی گەشتیاری، کە لە (دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان)دا لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٧ تا ٢٠٢٦) مۆڵەتیان پێدراوە. بەرنامەی Microsoft Excel وەک ئامرازی سەرەکیی شیکردنەوەی ئاماری بەکارهێنراوە.

خشتەی داتاکان بەپێی پێنج رەهەندی بنەڕەتی کۆد کراون:

١. ناوی پرۆژە: ناوی پرۆژەکە وەک ئەوەی لە بەڵگەنامەکانی وەبەرهێناندا هاتوو.
٢. شار: پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆی ئامادەیی پرۆژەکە (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، زاخۆ، سوران، ڕاپەڕین، گەرمیان، هەڵەبجە).
٣. ساڵی مۆڵەت: مێژووی دەرچوونی مۆڵەتی پرۆژەکە (لە ٢٠٠٧ تا ٢٠٢٦) بۆ دیاریکردنی ئاراستەی گۆڕانکارییە زمانییەکان بەپێی کات.
٤. جۆری زمان: دیاریکردنی بنچینەی زمانیی ناوەکە (کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی، تێکەڵ).
٥. پێگەی یاسایی زمانی ناوەکە: هەڵسەنگاندنی ئاستی پابەندبوونی ناوەکە بە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان (ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠١٤) بەپێی دوو کۆد:

- فەرمی: ئەو ناوەی بە زمانی کوردیی ستاندارد بنووسرێت یان زاراوەی هاووڵاتا تەواو و ڕەسەنی زمانی کوردی بەکاربهێنێت (وەک: میوانخانە، کۆمەڵگەی گەشتیاری، باخ، سەیرانگە).
- نافەرمی: ئەو ناوەی تەنها بە بیانی بنووسرێت، یان بە شێوازی تێکەڵی ناستاندارد دارێژرابێت، یان وشەکە بیانی بێت بەڵام بەپیتی و فۆنتی کوردی بنوسرێت (وەک: *هۆتێل* لەبری *میوانخانە*، یان *مۆڵ* لەبری *بازاڕ*).

٣-٢- شیکردنەوەی ناوی پرۆژەکان بەپێی جۆری زمان:

لە بەشی شیکردنەوەی ئاماریی جۆری زمانی بەکارهاتوو لە ٢٤٨ ناوی پڕۆژەی گەشتیاریدا، ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە یە:

خشتەی (١): پۆلێنکردنی ناوی پڕۆژەکان بەپێی جۆری زمان

| جۆری زمان | ژمارەی پڕۆژەکان | ڕێژەی سەدی (%) |
|---|---|---|
| کوردی | 113 | 46% |
| تێکەڵ | 93 | 37% |
| ئینگلیزی | 42 | 17% |
| کۆی گشتی | 248 | 100% |




لە شیکردنەوەی ئاماریی جۆری زمانی بەکارهاتوودا، لە ناونانی (٢٤٨) پڕۆژەی گەشتیاریی تۆمارکراو لە دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستاندا، خشتەی ژمارە (١) دابەشبوونێکی ڕێژەیی و جۆریی جێگەی دەخاتەڕوو، بە جۆرێک، کە ناوە ڕەسەنە کوردییەکان (١١٣) پڕۆژە (٤٦٪)، ناوە تێکەڵەکان (٩٣) پڕۆژە (٣٧٪)، و ناوە ئینگلیزییەکان (٤٢) پڕۆژە (١٧٪)ی کۆی داتاکان پێکدەهێنن شایانی ئاماژەیە، هیچ پڕۆژەیەک بە تەنها و بە شێوەیەکی سەربەخۆ بە زمانی عەرەبی ناونەنراوە .هەر بەکارهێنانێک بۆ وشە یان دەستەواژەی عەرەبی لە دیمەنی زمانیی پڕۆژەکاندا بەدی کرابێت، لەگەڵ زمانی کوردی یان ئینگلیزی بەکارهاتووە؛ بۆیە بەپێی پێوەرە ئامارییەکانی ئەم توێژینەوەیە، سەرجەم ئەم ناوانە لە خانەی (زمانی تێکەڵ) دانراون.

لە ڕوانگەی ئامارییەوە، ئەگەرچی ناوە کوردییەکان لەسەر ئاستی تاکەکەسیدا بەرزترین ڕێژەیان تۆمار کردووە، بەڵام کاتێکدا کۆی ناوە ناکوردییەکان (تێکەڵ + ئینگلیزی) کۆبکرێنەوە، هەژموونی زیاتر لە نیوەی پرۆژەکان بە ڕێژەی (٥٤٪) بۆ لای زمانە بیانییەکان دەشکێتەوە. ئەم دابەشبوونە ئامارییە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ کێشمەکێشی قووڵی نێوان پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و ملکەچبوون بۆ هێزەکانی بەجیهانیبوون و بازاڕسازی لە کەرتی گەشتیاریدا.

ئەم دەرئەنجامانە، لە دیدی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی زمانییەوە، دابڕانێکی بەرچاو لە نێوان چوارچێوە یاساییە فەرمییەکان و واقعی پراکتیزەکراوی شەقام نیشان دەدەن. بەپێی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان (ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠١٤)، دەبوو زمانی کوردی وەک زمانی فەرمیی سەرەکی و باڵادەست لە ، دیمەنی زمانی و ناونانی دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتدا بەرجەستە بێت، بەڵام گەیشتنی زمانی کوردی بە تەنها (٤٦٪) و نەبوونی بە زۆرینەی ڕەها (زیاتر لە ٥٠٪)، لاوازیی ئامرازەکانی چاودێری و نەبوونی میکانیزمێکی کارای جێبەجێکردنی بڕیارە حکومییەکان دەسەلمێنێت. لە بەرامبەردا، کەرتی تایبەت بەهۆی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونەوە، زمان بە پلەی یەکەم وەک "کاڵایەکی ئابووری" دەبینێت، کە تێیدا سودی بازرگانی و ڕاکێشانی گەشتیاری بیانی دەخرێتە پێش پاراستنی سەروەریی زمانی نەتەوەییەوە.

تۆمارکردنی ڕێژەی بەرزی ناوە تێکەڵەکان (٣٧٪) دروستبوونی دیمەنێکی زمانیی تێکەڵ دەیسەلمێنێت، کە دەربڕی هەوڵی خاوەن پرۆژەکانە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان شوناسی ناوخۆیی و ڕاکێشانی گەشتیاراندا. بەڵام لە زۆربەی ئەم داڕشتنانەدا زمانی کوردی پلەی لاوەکیی پێدراوە و بەکارهێنانی وشە بیانییەکان (وەک: هۆتێل، ستی، مۆڵ)، بووەتە هۆی پەراوێزخستنی زاراوە ڕەسەنەکان (وەک: میوانخانە، شار، بازاڕ). لە لایەکی ترەوە، تەرخانکردنی (١٧٪)ی ناوەکان تەنها بۆ زمانی ئینگلیزی، نیشانەی هەژموونی ئەم زمانەیە وەک ئامرازێکی بازاڕسازی و سەردەمیبوون، کە بەپێی تیۆرییەکانی دیمەنی زمانی، ئامادەیی سەربەخۆی زمانێکی بیانی بەم شێوەیە دەبێتە هۆی لاوازبوونی بەهای کۆمەڵایەتیی زمانی نەتەوەیی.

٣-٣- شیکردنەوەی پێگەی یاسایی ناوی پرۆژەکان:

پشتبەستن بە بنەماکانی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان (ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤)، پێگەی یاسایی ناوی پرۆژە گەشتیارییەکان پۆلێن کراون:



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :9
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**خشتەی (٢): پێگەی یاسایی ناوی پرۆژەکان بەپێی سیاسەتی زمان**

| پێگەی یاسایی ناوەکە | ژمارەی پرۆژەکان | ڕێژەی سەدی (%) |
|---|---|---|
| فەرمی | 114 | 46% |
| نافەرمی | 134 | 54% |
| کۆی گشتی | 248 | 100% |




شیکردنەوەی پێگەی یاسایی ناوی پرۆژە گەشتیارییەکان لەسەر بنەمای یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، دابەشبوونێکی بنەڕەتی لە نێوان چەمکی "پابەندبوونی یاسایی" و "خۆگونجاندن لەگەڵ خواستەکانی بازاڕدا" ئاشکرا دەکات. وەک لە خشتەی ژمارە (٢)دا هاتووە، لە کۆی (٢٤٨) پرۆژەی مۆڵەتدراوی گەشتیاری، تەنها (١١٤) پرۆژە، کە کاتە ڕێژەی (٤٦٪) بە داڕشتنی فەرمی و ستانداردی زمانی کوردی ناو نوسراون؛ لە بەرامبەردا، (١٣٤) پرۆژە بە ڕێژەی (٥٤٪) کەوتوونەتە خانەی ناوە نافەرمییەکانەوە. لە ڕوانگەی ئامارییەوە، ئەم داتایانە ئاماژەیەکی ڕوون و زەقن بۆ باڵادەستبوونی ئاراستەی نافەرمی لە کەرتی گەشتیاریدا، کە تێیدا بڕیاری ناونان زیاتر ئاراستەیەکی سەربەخۆ و دوور لە جێبەجێکردنی ڕێنماییە یاساییەکان وەردەگرێت.

٣-٤- گۆڕانی ناونان بەپێی قۆناغە مێژووییەکان:

پێش خستنەرووی داتاکان، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە دیمەنی زمانی دیاردەیەکی جێگیر و نەگۆڕ نییە، بەڵکو ئەنجامی کۆمەڵێک وەرچەرخانی داینامیکیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییە، کە بەپێی کات گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. لەم توێژینەوەیەدا، ناوی پرۆژە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان (٢٠٠٧ - ٢٠٢٦) بۆ سێ قۆناغی مێژوویی سەرەکی دابەش کراوە. گرنگی و هۆکاری سەرەکیی جێبەجێکردنی ئەم شیکردنەوە ماوەییە

لەوەدایە، کە دەرفەت بە توێژەر دەدات ئاراستەی گۆڕانی زمانی لەو ماوەیەدا دەستنیشان بکات؛ بە جۆرێک کە تەنها بە وێنەیەکی ئاماری لە کاتێکی نەگۆڕدا نەوەستێتەوە، بەڵکو ئاراستەی پاشەکشە یان باڵادەستبوونی زمانی کوردی و ڕێژەی هەژموونی بەجیهانیبوون لە ناوانی پڕۆژە گەشتیارییەکاندا بە ڕوونی ئاشکرا بکات.

- قۆناغی یەکەم (٢٠٠٧ - ٢٠١٢):

قۆناغی باڵادەستیی زمانی کوردییە، ئەم قۆناغە ڕاستەوخۆ دوای دەرچوونی یاسای وەبەرهێنان (ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٦) دەست پێ دەکات. لەم سەردەمەدا کەرتی گەشتیاریی ناوخۆ لە سەرەتای گەشەکردندا بوو و زۆربەی وەبەرهێنەران و خاوەن پڕۆژەکان خەڵکی ناوچەکە بوون، بەمەش ناوەکان ڕەنگدانەوەی شوناسی نیشتمانی لە ناونانەکاندا زەق بوو.

لەم قۆنافەدا لە کۆی (٧١) پڕۆژەی مۆڵەتدراوی ئەم قۆناغە، (٣٧) پڕۆژە بە زمانی کوردی (٥٢٪)، (٢٦) پڕۆژە بە شێوازی تێکەڵاو (٣٧٪)، و تەنها (٨) پڕۆژە بە زمانی ئینگلیزی (١١٪) تۆمارکراون.




لێرەدا ئەو زانیارییە ئامارییانە دەیسەلمێنن، کە زمانی کوردی لەم ماوەیەدا زمانێکی باڵادەست بووە، بەکارهێنانی زاراوە و دەستەواژەی ڕەسەنی کوردی بووە، وەک: ( *هەواری خەونەکان، پڕۆژەی سەنگینی گەشتیاری، پڕۆژەی ڕۆژی گەشتیاری*....) هەروەها ئامادەیی زمانی ئینگلیزی لەم قۆناغەدا تەنها لە ئاستی دارشتنی تێکەڵاودا سنووردار بووە، وەک هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ کرانەوە بەرووی دەرەوەدا.

- قۆناغی دووەم (٢٠١٣ - ٢٠١٨):

ئەم قۆناغە قۆناغی هاوسەنگی و سەقامگیریی زمانییە، لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی قەیرانی داراییی، شەڕی داعش و سەقامگیرنەبوونی سیاسی بووەوە، کە بووە هۆی خاوبوونەوەی ڕێژەی وەبەرهێنانی نوێ. لەگەڵ ئەوەشدا، بازاڕی گەشتیاری ڕاهاتنی لەگەڵ چەمک و ناوانی نێودەوڵەتیدا پەیدا کردوە.

لەم قۆناغەدا لە کۆی (٦٤) پڕۆژەی ئەم ماوەیەدا، (٢٤) پڕۆژە بە زمانی کوردی (٣٧,٥٪)، (٣٣) پڕۆژە بە شێوازی تێکەڵاو ( ٥١,٥٪)، و (٧) پڕۆژە بە زمانی ئینگلیزی (١١٪) بوون.




ئەم قۆناغە وەک قۆناغی "سەقامگیری و ڕاگواستن "هەژماردەکرێت، هەرچەندە ڕێژەی ناوە سەربەخۆ ئینگلیزییەکان ڕێژەکەی بەرز نەبۆتەوە تەنها (٧) پرۆژەیە، بەڵام ناوە تێکەڵەکان (کوردی + ئینگلیزی) گەیشتنە ترۆپکی خۆیان و بوونە زۆرینەی پرۆژەکان (٥١,٥٪) ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی خاوەن پرۆژەکان لە هەوڵی بەردەوامدا بوون بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی شوناسی کوردی و ئامادەکردنی پرۆژەکانیان بۆ وەرگرتنی گەشتیارانی دەرەکی.

- قۆناغی سێیەم (٢٠١٩ - ٢٠٢٦):

ئەم قۆناغە قۆناغی جیهانگیری و باڵادەستیی ناوە ئینگلیزی و تێکەڵی زمانەکانە، قۆناغی پاش قەیرانەکان و بووژانەوەی بەهێزی گەشتوگوزارە. سەرهەڵدانی پرۆژە زەبەلاحەکان و براندە نێودەوڵەتییەکان و بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و بەبازاڕکردنی دیجیتاڵی، پێگەی زمانی ئینگلیزییان وەک زمانی جیهانیی بازرگانی سەپاندوە.

لەم قۆناغەدا، لە کۆی (١١٣) پرۆژەی تۆمارکراو لەم قۆناغەدا، (٥٢) پرۆژە بە زمانی کوردی (٤٦٪)، (٣٤) پرۆژە بە شێوازی تێکەڵاو (٣٠٪)، و (٢٧) پرۆژە تەنها بە زمانی ئینگلیزی (٢٤٪) تۆمارکراون.




ئەم قۆناغە بە قۆناغی وەرچەرخانی مێژوویی لە دیمەنی زمانیی هەرێمدا هەژمار دەکرێت. ئەگەرچی زمانی کوردی بە (٥٢) پرۆژە ژمارەیەکی بەرچاوی پاراستووە، بەڵام بۆ یەکەمجارە لە مێژووی وەبەرهێناندا، کۆی ناوە ناکوردییەکان (ئینگلیزی + تێکەڵ) کە دەکاتە (٦١) پرۆژە (٥٤٪) ، بەسەر کۆی ناوە کوردییەکاندا (٤٦٪) سەربکەوێت.

خشتەی ژمارە() بەراوردکاریی گشتیی ئاماری ناونانی پرۆژەکان بەپێی سێ قۆناغەکە (٢٠٠٧ - ٢٠٢٦)

| قۆناغی مێژوویی | زمانی کوردی | شێوازی تێکەڵاو | زمانی ئینگلیزی | کۆی گشتیی پرۆژەکان |
|---|---|---|---|---|
| قۆناغی یەکەم (٢٠٠٧ - ٢٠١٢) | 37 (52%) | 26 (37%) | 8 (11%) | 71 |
| قۆناغی دووەم (٢٠١٣ - ٢٠١٨) | 24 (37.5%) | 33 (51.5%) | 7 (11%) | 64 |
| قۆناغی سێیەم (٢٠١٩ - ٢٠٢٦) | 52 (46%) | 34 (30%) | 27 (24%) | 113 |
| کۆی گشتی (٢٠٠٧ - ٢٠٢٦) | 113 (46%) | 93 (37%) | 42 (17%) | 248 |

دەرئەنجامی گشتیی سێ قۆناغەکە وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە دیمەنی زمانیی هەرێمدا نیشان دەدات؛ بە جۆرێک کە ئاراستەی ناونانی پرۆژەکان لە شوناسێکی نەتەوەیی خۆجێییەوە گۆڕاوە بۆ بەرژەوەندی ئابووری و بەجیهانیبوون.
لە کاتێکدا لە دەستپێکدا زمانی کوردی وەک ئامرازی سەرەکیی دەربڕینی شوناس باڵادەست بوو، بەرەبەرە پێگەی بەرەو لاوازی چووە و جێگەی خۆی بۆ فرەزمانیی بازرگانی و بازاڕسازیی چۆڵ کردووە. ئەم ڕەوتە دەسەلمێنێت، کە هێزی ڕاکێشانی ئابووری و سەپاندنی بازاڕ کاریگەرییان زۆر زیاتر بووە لە چوارچێوە و بڕیارە یاساییە فەرمییەکانی زمان لە سەر شەقامدا.

## ئەنجام

١- داتاکانی توێژینەوەکە دەریخستووە، کە زمانی کوردی لە قۆناغی یەکەمدا (٢٠٠٧ – ٢٠١٢) بە ڕێژەی ٥٢٪ باڵادەست بوو، بەڵام لە کۆی گشتیی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا ڕێژەکەی دابەزیوە بۆ ٤٦٪ (١١٣ پرۆژە) .ئەمەش دەیسەلمێنێت، کە زمانی کوردی پێگە و سەروەریی ڕەهای خۆی لە کەرتی گەشتیاریدا لەدەستداوە.

٢- ناوە ڕەسەنە کوردییەکان ٤٦٪ی کۆی پرۆژەکان پێکدەهێنن، کۆکردنەوەی (ناوە تێکەڵەکان ٣٧٪ ) ناوە سەربەخۆ ئینگلیزییەکان( ١٧٪) دەگاتە ( ٥٤٪ ١٣٥ ) پرۆژە .ئەمە زەقترین ئەنجامی ئامارییە، کە دەیسەلمێنێت دیمەنی زمانی لە کەرتی گەشتیاریی هەرێمدا بەرەو نافەرییبوون هەنگاوی ناوە.

٣- ئامادەیی زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی سەربەخۆ لە ڕێژەی بچووکی ١١٪ لە قۆناغی یەکەم و دووەمدا، بازی داوە بۆ ٢٤٪ ٢٧ پرۆژە، لە قۆناغی سێیەمدا (٢٠١٩ – ٢٠٢٦) ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی خاوەن پرۆژەکان، کە زمانی ئینگلیزی وەک ئامرازێکی سەرەکیی بازاڕسازی، و ڕاکێشانی گەشتیاران دەبینن.

٤- شێوازی دارشتنی تێکەڵاو (کوردی + ئینگلیزی) لە سەرجەم قۆناغەکاندا ئامادەییەکی بەهێزی هەبووە و بە ڕێژەی ٣٧٪ ٩٣ پرۆژە، دووەم بەرزترین ڕێژەی هێناوە . لە قۆناغی دووەمدا گەیشتە ترۆپکی خۆی بە( ٥١,٥٪) ئەمەش دەربڕی هەوڵی بەردەوامی خاوەن

**پرۆژەکان بووە بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان شوناسی ناوخۆیی و کرانەوەی نێودەوڵەتیدا.**

**٥- یەکێک لە ئەنجامە بەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە هیچ پرۆژەیەک بە تەنها و بە شێوەیەکی سەربەخۆ بە زمانی عەرەبی ناونەنراوە .ئەمەش دەسەلمێنێت، کە زمانی عەرەبی لە کەرتی گەشتیاریدا زیاتر ڕۆڵی گەیاندن و ئاسانکاریی سەیر دەکرێت، نەک وەک هێمایەکی ئابووری و بازاڕسازی. لە بەرامبەردا، خاوەن پرۆژەکان زمانی کوردییان بۆ دەربڕینی شوناسی نەتەوەیی و ئینگلیزییان وەک زمانێکی سەردەمیی بۆ ڕاکێشانی گەشتیارانی دەرەکی بەکارهێناوە.**

**٦- توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان (ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤) تووشی جۆرێک لە پەراوێزخستن لە جێبەجێکردندا بووەتەوە؛ بە جۆرێک ڕەوتی بەجیهانیبوون و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی کەرتی تایبەت ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەبووە لە دیاریکردنی زمانی ناونانەکاندا، نەک ڕێنماییە یاسایی و ئیدارییەکانی دەوڵەت.**

## ڕاسپاردە

**لەسەر بنەمای ئەم ئەنجامانەی خوارە ئەو ڕاسپاردانە دەخەینەڕوو:**

١- پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان (بەتایبەت پەرلەمان و وەزارەتی ڕۆشنبیری) میکانیزمی جێبەجێکردنی بۆ یاسای زمانە فەرمییەکان(**ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤**) دابڕێژن، بە شێوەیەک کە خاوەن پرۆژە گەشتیارییەکان پابەند بکرێن بە بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی سەرەکی لە ناونان و دیمەنی زمانیی پرۆژەکانیاندا.

٢- داوا لە (دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان) بکرێت، کە لیژنەیەکی پسپۆڕی زمانی پێکبهێنێت تا وەک مەرجێکی بنەڕەتی بۆ پێدانی مۆڵەتی وەبەرهێنان، ناوی پرۆژەکان لە ڕووی ڕێزمانی، واتایی و شوناسی نەتەوەییەوە هەڵبسەنگێنن، پێش ئەوەی بە فەرمی پەسەند بکرێن.

٣- خاوەن پرۆژە گەشتیارییەکان و وەبەرهێنەران ئاگادار بکرێنەوە، کە کرانەوە بەڕووی زمانی ئینگلیزی و جیهانیدا، مانای پەراوێزخستنی زمانی کوردی نییە؛ بەڵکو دەکرێت شێوازی دووزمانیی هاوسەنگ (تابلۆی دووزمانی کە کوردی تێیدا لە سەرەوە یان بە فۆنتی گەورەتر بنووسرێت) وەک مۆدێلێکی هاوچەرخ بەکاربهێنرێت.

٤- بۆ هۆشیاری زیاتر کۆنفرنس و ووۆرکشۆپی بەردەوام لە نێوان توێژەرانی زمانەوانی و وەبەرهێنەرانی کەرتی گەشتیاریدا ساز بکرێت، بۆ ناساندن و پێشنیازکردنی ناوی کوردیی ڕەسەن و سەرنجڕاکێش کە لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی ئەمڕۆی گەشتیاریدا بگونجێن.

## سەرچاوەکان

١. بەستەر (Link) و بارکۆدی خشتەی تەواوی ناوی پرۆژە گەشتیارییەکانی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا(٢٠٠٧- ٢٠٢٦)

https://drive.google.com/file/d/1DfQkIK1OdX5Vi5UIXJi4YSXWd5H0tKGJ/view?usp=sharing

٢. ئەحمەد، جیهان یوسف (2022)، *دیمەنی زمانیی لەشاری هەولێردا*، نامەی ماستە، کۆلێژی پەروەردە ،زانکۆی سەلاجەددین.

٣. حەمەغەریب، شاڵاو صالح (2024)، *پێگە و پایەی زمانی کوردی لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانیدا*، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٤. خۆشناو، نەریمان عبداللە (2018)، *سیاسەتی زمان و چەمک و ڕێکارەکانی* .گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٤١)، ل ل: ١٥–٣٥.

٥. سلیم، پەیمان حسن (2010)، *پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٦. فەتاح، محەمەد معروف (2010) ، *لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانم*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧. قازی، سید عبدالرزاق (2020)، *سیاسەتی زمان و پلاندانانی زمانی لە سیستەمی پەروەردەیی هەرێمی کوردستاندا*، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٨. پەرلەمانی کوردستان (2014)، *یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤: یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان–عێراق* .وەقایعی کوردستان، ژمارە.(175)

8. Ainiala, Terhi, Saarelma, Minna, & Sjöblom, Paula (2012). *Names in Focus: An Introduction to Finnish Onomastics*. Finnish Literature Society.

9. Backhaus, Peter (2007). *Linguistic Landscapes: A Comparative Study of Urban Multilingualism in Tokyo*. Multilingual Matters.

10. Blommaert, Jan (2013). *Ethnography, Superdiversity and Linguistic Landscapes: Chronicles of Complexity*. Multilingual Matters.

11.Gorter, Durk, & Cenoz, Jasone (2024). *A Panorama of Linguistic Landscape Studies*. Multilingual Matters.

12.Jaworski, Adam, & Thurlow, Crispin (Eds.) (2010). *Semiotic Landscapes: Language, Image, Space*. Continuum.

13.Kotler, Philip, & Keller, Kevin Lane (2016). *Marketing Management*. 15th edition, Pearson.

14.Landry, Rodrigue, & Bourhis, Richard Y. (1997). *Linguistic Landscape and Ethnolinguistic Vitality: An Empirical Study*. Journal of Language and Social Psychology,

15.Shohamy, Elana (2006). *Language Policy: Hidden Agendas and New Approaches*. Routledge.

16.Shohamy, Elana, & Gorter, Durk (Eds.) (2009). *Linguistic Landscape: Expanding the Scenery*. Routledge.

17.Spolsky, Bernard (2004). *Language Policy*. Cambridge University Press.

18.Spolsky, Bernard (2009). *Language Management*. Cambridge University Press.

Sources

1. Link and barcode of the full table of tourism projects of the Investment Board in the Kurdistan Region (207-2026) https://drive.google.com/file/d/view?usp=sharing
2. Ahmad, Jihan Yousef (2022), Language Landscape in Erbil, Master's Thesis, College of Education, Salajaddin University.
3. Hamaghreb, Shalaw Saleh (2024), The Position of Kurdish Language in the Framework of Language Policy, PhD Thesis, College of Language, Salahaddin University, Erbil.
4. Khoshnaw, Nariman Abdullah (2018), Language Policy, Concepts and Procedures. Kurdish Academy Journal, No. (41), pp. 15–3
5. Salim, Payman Hassan (2010), Relationship between Language and Culture, Master's Thesis, College of Language, Salahaddin University, Erbil.

6. Fatah, Mohammed Marouf (2010), My Linguistic Researches, First Edition, Rojhelat Printing House, Erbil.
7. Qazi, Syed Abdulrazzaq (2020), Language Policy and Language Planning in the Kurdistan Regional Education System, PhD thesis, College of Language, Salahaddin University, Erbil.
8. Kurdistan Parliament (2014), Law No. 6 of 2014: Law on Official Languages of the Kurdistan Region of Iraq. Kurdistan Reality, No. (175).

8. Ainiala, Terhi, Saarelma, Minna, & Sjöblom, Paula (2012). *Names in Focus: An Introduction to Finnish Onomastics*. Finnish Literature Society.
9. Backhaus, Peter (2007). *Linguistic Landscapes: A Comparative Study of Urban Multilingualism in Tokyo*. Multilingual Matters.
10. Blommaert, Jan (2013). *Ethnography, Superdiversity and Linguistic Landscapes: Chronicles of Complexity*. Multilingual Matters.
11. Gorter, Durk, & Cenoz, Jasone (2024). *A Panorama of Linguistic Landscape Studies*. Multilingual Matters.
12. Jaworski, Adam, & Thurlow, Crispin (Eds.) (2010). *Semiotic Landscapes: Language, Image, Space*. Continuum.
13. Kotler, Philip, & Keller, Kevin Lane (2016). *Marketing Management*. 15th edition, Pearson.
14. Landry, Rodrigue, & Bourhis, Richard Y. (1997). *Linguistic Landscape and Ethnolinguistic Vitality: An Empirical Study*. Journal of Language and Social Psychology,
15. Shohamy, Elana (2006). *Language Policy: Hidden Agendas and New Approaches*. Routledge.
16. Shohamy, Elana, & Gorter, Durk (Eds.) (2009). *Linguistic Landscape: Expanding the Scenery*. Routledge.
17. Spolsky, Bernard (2004). *Language Policy*. Cambridge University Press.
18. Spolsky, Bernard (2009). *Language Management*. Cambridge University Press.